RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal

DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130

RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 19th May 2025 Accepted: 19th July 2026 Published online: 20th September 2026

Breaking the Horizon of Expectation in Muhammad Mukri's Novel (*Sagwarr)*

Mohammed Aziz Nasralla[1]
Mohammed.nasralla@univsul.edu.iq
[1]Kurdish department, College of Languages, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract

This research which is titled "Shattering the Horizon of Expectation in Mohammed Mukry's Sagwar Novel", it destroys the level of expectation that the Kurdish readers previously had in the (Classic, Realism and Resistance literature), and this is already clarified. According to the descriptive-analytical movement, the concept of the level of expectation is analyzed pursuant to the theory of reception. The founders of the theory of reception are: Hans Robert Yaws, Volgang Ayzar of German's Constance school. This theory emphasis the readers' role in the process of reading literary texts, and the level of expectation is one of the concepts of the theory of reception, whereby a number of views and measure are fixed in this regard and the texts are dealt with accordingly. In this research, shattering the horizon of readers expectation in the dimensions: the disruption of narrative chronology, the levels of language and symbolism, and the political and intellectual dimensions are analyzed in the novel. At this research's conclusion, it is revealed that in the "Sagwar Novel" the "Level of Expectation" of the Kurdish reader is shattered and creates a new phase of reading via shattering the narration chronology, trespassing the language boundary and destroying the ideal hero figure. This novel shifts the reader from inactive receiver into an active receiver in the production of meaning.

Key words: Theory of Reception, Level of Expectation, Reader, Sagwar novel, Mohammed Mukry.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی لە ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)دا

محمد عزیز نصرالله[1]
[1]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە، کە ناونیشانەکەی "شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی لە ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)"ە، شکاندنی ئەو پێشبینی و چاوەڕوانییانەی، کە خوێنەری کورد لە قۆناغی پێشتردا لە ئەدەبی (کلاسیک و ڕیالیزم و بەرگری)دا هەیبو ڕونکراوەتەوە، توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی- شیکاری و چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی لە تیۆری وەرگرتندا ڕۆمانەکەی شیکردوەتەوە، تیۆری وەرگرتن دامەزرێنەرانی بریتین لە (هانز ڕۆبەرت یاوس) و (ڤۆلگانگ ئایزەر)ی قوتابخانەی (کۆنستانس)ی (ئەڵمانی)، ئەم تیۆرییە جەختی زۆر لەسەر ڕۆڵی خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا دەکات، ئاسۆی چاوەڕوانی یەکێکە لە چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن، کە بەپێی ئەم چەمکە هەمو خوێنەرێک کۆمەڵێک دید و پێوەر لای جێگیربون و لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا دەکات، لەم توێژینەوەیەدا شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری لە ڕەهەندەکانی: تێکدانی کرۆنۆلۆژی گێڕانەوە، ئاستی زمان و هێما، ڕەهەندی سیاسی و فیکری، لە ڕۆمانەکەدا شیکردوەتەوە، لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە ڕۆمانی (سەگوەڕ)، (ئاسۆی چاوەڕوانی) خوێنەری کورد دەشکێنێت و قۆناغێکی نوێ لە خوێندنەوە دروستدەکات بە شکاندنی کرۆنۆلۆژیای گێڕانەوە، بەزاندنی سنوری زمان و ڕوخاندنی بێ پاڵەوانی ئایدیاڵی، ڕۆمانەکە خوێنەر لە وەرگرێکی (ناچالاکەوە)ەوە بۆ بەشداربوویەکی چالاک لە بەرهەمهێنانی ماناکا دەگۆڕێت.

کلیلە وشە: تیۆری وەرگرتن، ئاسۆی چاوەڕوانی، خوێنەر، ڕۆمانی سەگوەڕ، محەمەد موکری.

پێشەکی:
چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی)، لەلایەن (هانز ڕۆبەرت یاوس)ەوە داهێنراوە، کە یەکێکە لە ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن، لەسەر پاشخانی ڕۆشبیری و مەعریفەی خوێنەر دەوەستێت، چونکە (یاوس) پێیوایە، ئەو پاشخانە ڕۆشبیری و مەعریفییەی خوێنەر هەیەتی بڕیاری هاوتەریب، یان پێچەوانەی ئاڕاستە و دنیابینی بەرانبەر ئاڕاستە و دنیابینی نوسەر دەخولقێنێت، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەق بە تەنیا مانا بەرهەمناهێنێت، بەڵکو خوێنەر ڕۆڵێکی سەرەکی لە تەواوکردن و دروستکردنی مانای دەقدا هەیە.
ناونیشانی توێژینەوەکە: (شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی لە ڕۆمانی "سەگوەڕ"ی محەمەد موکری)دا، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر ئەو وەرچەرخانە ئیستێتیکی و مەعریفییەی کە ڕۆمانی "سەگوەڕ" لە مێژوی ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردیدا دروستیکردوە، ئەویش لەڕێگەی شۆککردنی هۆشیاریی وەرگر و هەڵوەشاندنەوەی فۆرمە تەقلیدییەکانی گێڕانەوە و تێڕوانینە باوەکانەوە.
ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی (وەسفی و شیکاری) ئەنجامدراوە، بە پشتبەستن بە ڕەخنەی تیۆری وەرگرتن و دید و بۆچونە ڕەخنەییەکانی یاوس لەبەرچاوگیراون.
هۆی هەڵبژاردنی بابەت: هۆی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە تیۆری وەرگرتن و چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی لە دونیای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و بەتایبەتی لە ژانری ڕۆماندا کەم کاری پێکراوە، ئەو هەوڵ و کارانەی پێشتریش کاریان بەم تیۆرییە کردوە زیاتر لە سەر شیعر کراوە، لە چیرۆک ڕۆماندا کارێکی وامان بەرچاو نەکەوتوە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە بەم تیۆرییە کار لەسەر ڕۆمانی کوردی بکات و تاقیبکرێتەوە.
پرسیاری توێژینەوەکە: ئەو پرسیارانەی ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامیان بداتەوە، ئەمانەن:

1. بە چی شێوازێک ڕۆمانی سەگوەڕ لە ڕێگەی لێدان لە پیرۆزییەکان و ڕوخاندنی وێنەی باوی "پاڵەوانی نەتەوەیی ئایدیاڵ"ەوە ئاسۆی چاوەڕوانییە فیکری و سیاسییەکانی خوێنەری قۆناغی شۆڕشی چەکداری شکاندوە؟
2. تا چەند گەمە زمانەوانییەکان، هێما فرەواتاکان، تێکەڵکردنی زمانی زبری شەقام، لەگەڵ زمانی فەلسەفی، پێشبینییە زمانەوانی و جوانیناسییەکانی خوێنەری تێپەڕاندوە؟
3. چۆن خوێنەری ناچارکردوە لە خوێنەرێکی ناچالاکەوە (پاسیڤ) ببێتە بەشداربوویەکی چالاک (ئەکتیڤ)، لە بەرهەمهێنانەوەی مانادا؟

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی سۆسیۆلۆژی و دەروونناسییەوە لەوەدایە، کە تیشک دەخاتەسەر سەر واقیعی تراژیدی و شێواوی دەرونی مرۆڤی کورد لە قۆناغە سەختەکاندا و پەردەیان لەسەر هەڵدەمالێت.

سنوری توێژینەوەکە: سنوری توێژینەوەکە ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)یە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

1. شیکردنەوەی ئەو میکانیزمانەیە، کە محەمەد موکری لە ڕۆمانی "سەگوەڕ"دا بەکاریهێناون بۆ تێکدانی کرۆنۆلۆژیای باو و بەزاندنی سنورە زمانەوانییەکان.
2. دەرخستنی ئەو وەرچەرخانە ئایدۆلۆژی و فیکرییەیە، کە ڕۆمانەکە هێناویەتە ئاراوە، بەوەی کە کەسایەتییەکان لە وێنەی پاڵەوانی نەتەوەیی بێگەرد دادەمالێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش پێکهاتوە:

لە بەشی یەکەمدا، کە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، باسی تیۆری وەرگرتن و چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی و دید و تێگەیشتنە جیاوازەکانیش خراوەتەڕو.

بەشی دوەمی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە بەشی پراکتیکی، کە تیایدا ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی محەمەد موکری وەک نمونە بۆ پراکتیزەکردنی بەشە تیۆرییەکەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەو ڕۆمانانەی تەواو گونجاوە بۆ ئەوەی بەپێی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی کاری لەسەر بکرێت.

لە کۆتایشدا، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستمانهێناوە لە چەند خاڵێکدا دیاریمان کردون، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە توێژینەوەکە پشتی پێبەستون.

١-تیۆری وەرگرتن و چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی

١-١ تیۆری وەگرتن

تیۆری وەرگرتن، تیۆری پاش بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەیە، بە یەکێک لە تیۆرە گرنگەکانی سەدەی بیستەم و دواتریش دادەنرێت، بە پێچەوانەی هەمو تیۆرەکانی پێشتر کاری کرد، کە گرنگیدان بو بە خوێنەر، کە لە تێۆرەکانی پێشوتردا فەرامۆش کرابو، بە دانانی بنەماکانی تیۆرەکە خوێنەر بوە چەق و هەڵسەنگێنەری دەق و دوبارە دارشتنەوەی.

تیۆری وەرگرتن بە عەرەبی (نظرية التلقي)، لە ڕەخنەی نوێی ئەدەبیدا، یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی پاش بونیادگەری، ئەم تیۆرە بایەخی سەرەکی بە خوێندنەوە و خوێنەر، یان وەرگر دەدات، لەم چەمکەدا خوێنەر تەوەری سەرەکی پێکدەهێنێت، گرنگترین ڕەگەز لە پرۆسەی ئەدەبیدا و لە کارلێکی نێوان (نوسەر، دەق، خوێنەر)دا، بریتییە لە بەشداری کاریگەریی خوێنەر لە دارشتن و بەرهەمهێنانەوەی مانادا (ئەسوەد، ٢٠١٥، ١٥٠). کەواتە بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم ڕەوتە نوێیە، ئاڕاستەی ئەم تیۆرییە سەنتەری گرنگیپێدانی لە (نوسەر و دەق)ەوە گواستەوە بۆ (خوێنەر)، وەک کارەکتەری سەرەکی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و تەواکردنی مانادا.

تیۆری وەرگرتن، لە لایەن نوسەرانی قوتابخانەی ڕەخنەیی کۆنستانسی ئەڵمانی (هانز ڕۆبەرت یاوس) و (ڤۆلگانگ ئایزەر)ەوە، کە یەکێکە لە گرنگترین قوتابخانە فیکری و ڕەخنەییەکانی ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم و لە کۆتاییەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردو لە زانکۆی کۆنستانسی ئەڵمانیا دامەزرا و بە پێچەوانەی ڕەخنەی کلاسیکەوە بایەخێکی زۆری بە خوێنەر و وەرگر دەدا، لە سایەی بارودۆخێکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشبیریی جیاوازدا سەریهەڵدا، کە هاوکار بو لە دەرکەوتنی بە بەرگێکی بیری و ڕەخنەیی جیاواز لەوەی، کە گۆڕەپانی ڕەخنەیی پێ ئاشنا بو، ئەم تیۆرییە کە تایبەت بو بە خوێنەر، وەک وەڵامدانەوەیەک بەرانبەر بەو تیۆرییانەی گرنگیی ئەم ڕەگەزەیان لە پرۆسەی خوێندنەوە و داهێناندا پشتگوێ خستبو (قادر، ٢٠٢٤، ٢٧). تیۆری وەرگرتن کاتێک کە دەرکەوت بە بیرۆکەی نوێگەر و چاونەترس ناسرا، ڕۆڵی خوێنەری بەدیارخست لە پرۆسەی تێگەیشتندا، هێزی دەخستە سەر گرنگی ئەو بەشداریکردنەوەی خوێنەر، بە تایبەتی هێزی دەخستەسەر لایەنی جوانیی بەرهەمی ئەدەبی داهێنەرانە، لێرەدا وەرگر سەرۆک و خاوەنی بەرهەمی ئەدەبییە بەبێ بەشداری ئەو، کارەکە بەشێوەیەکی باش ناڕوات بەڕێوە، کاری داهێنەرانە نەمری بەخۆوە نابینێت ئەگەر جەماوەر (خوێنەر) بەرز نەینرخێنێت و نەیگوێزێتەوە و دەستاودەستی پێنەکات لە بۆنە جیاجیاکاندا (عزیز و ڕؤوف، ٢٠٢٣، ١٨).

کەواتە لە ناساندن و شێوازی کارکردنی تیۆری وەرگرتندا بۆمان ڕوندەبێتەوە، ئەم تێورە ڕەگەزێکی سەرەکی وەک خوێنەر لە فەرامۆشی دەردەهێنێت، ئەمیش بە مانای فەرامۆشکرنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکەی وەک (نوسەر- دەق) نییە، چونکە هەر دەقێکی ئەدەبی و لەلایەن هەر نوسەرێکەوە دواجار دەچێتە بەردەمی خوێنەر و خوێنەریش بەپێی ئەو پاشخان و دنیابینییەی هەیەتی لە دەقەکە تێدەگات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سەرنجی سەرەکی تیۆرەکە دەچێتە سەر ئەو کارلێکە دینامیکییەی نێوان دەق و خوێنەر، بەو

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

پێیەی دەق ئەدەبی پڕۆسەیەکی کراوەیە و تەنها لەکاتی خوێندنەوە و بەشداریی چالاکانەی خوێنەردا دەبێتە خاوەنی بەهایەکی ڕاستەقینە.

١-٢ چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی

بۆ جەختی زیاتر لەسەر تیۆری وەرگرتن و تێگەیشتن لە میکانیزمی کارلێکی خوێنەر لە دەقدا، پێویستە تیشک بخەینە سەر چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی)، کە وەک پایەیەکی بنەڕەتی ئەم تیۆرییە، ڕۆڵی دیاریکردنی پێشبینییە پێشوەختەکانی خوێنەر دەبینێت. ئاسۆی چاوەڕوانی زاراوەیەکە لە زاراوەکانی ڕەخنەی وەرگرتن، (یاوس) لای وایە کە وەرگر یان خوێنەری دەق ئاسۆیەکی تایبەتی خۆی هەیە، کەڵەکەبون و کۆبونەوەی بیر و زانیاری و بۆچونی خۆی دروستیان کردوە، ئەم کەڵەکەبونە مەعریفییە بۆ خوێنەر، وەک پێوەرێکی لێدێت و لەسەر ئەم زەمینەیە هەمو کارێکی ئەدەبی وەردەگرێت و لەگەڵیدا دەڕوات و دەگونجێت، یا ڕەتیدەکاتەوە (بەرزنجی و بەرزنجی، ٢٠٢٤، ١٥).

(بارت) لەو باوەڕدایە، کە فرە واتایی دەق نەوەستاوەتە سەر دەرونی نوسەر، بەڵکو بەرهەمی عەقڵی خوێنەرە، پێیوایە کە بەشێوەیەکی جیددی پێویستمان بەوە هەیە، کە ئەفسانەی نوسەر تۆڕ بدەین و ئەوە پەسەند بکەین، کە لە دایکبونی خوێنەر بە قوربانیدانی نوسەر دێتەکایەوە...، تازەیی و سەرنجڕاکێشی (بارت) لەو بۆچونە بەرفراوانە و بێسنورانەیە، کە بە خوێنەری دەبەخشێت، چونکە وەکو ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد خوێنەران دەتوانن دەرگای دەلالەتگەلێکی تایبەت لە دەقدا ئاوەڵابکەن و بەپێی زەمینە و ئارەزوە عەقڵییەکانی خۆیان چێژ لەم دەلالەتە تایبەتییانەی ناو دەق وەربگرن (نازم و حوسێن، ٢٠١٨، ٤٨٨).

خوێنەر لە تیۆری وەرگرتندا، لە گرنگی نوسەر و بایەخی دەقەکە کەمتر نییە، بەم پێیە دەقیش ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی هەیە، هەر لێرەوە کارەکە بەم شێوەیە دەکەوێتەوە: (بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣٥).

١ – ئاسۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر گونجاوە.

٢ – ئاسۆی چاوەڕوانی دەق خوێنەر توشی نائومێدی دەکات، چونکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەمدا ناگونجێت.

٣- ئاسۆی چاوەڕوانی دەق بە جۆرێک دەکەوێتەوە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگۆڕێت، قەبارە و پێوەری تری لا دروستدەکات. کەواتە لەسەر بنەمای ئەم پێشبینییانە تیۆرەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەقە داهێنەرەکان تەنیا وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانییە باوەکان نین، بەڵکو مەبەستدارانە کار بۆ تێکشکاندنی ئەو ئاسۆیە دەکەن، بۆ ئەوەی ئەزمونێکی نوێی ئیستێتیکی و مەعریفی لای خوێنەر بەرهەمبهێنن.

(ئایزەر) جگە لە فینۆمینۆلۆژیا، پشتی بە چەند سەرچاوەیەکی دیکە بەستوە، وەک زانستی زمان و سایکۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا، تا بەشێوەیەکی وردتر و قوڵتر(خودی)ی (وەرگر) بەشداری لە بیناکردنی مانادا بکات، (ئایزەر) گریمانەی ئەوە دەکات کە لە هەر تێکستێکدا چەندین بۆشایی و کەلەبەر هەن، ئەمانە وا لە خوێنەر دەکەن، لە ڕێگەی کارلێکیدا لەگەڵ دەقەکە، هەوڵبدات ئەو کەلەبەر و بۆشاییانە لە ڕوی بەرهەمهێنانی مانای تردا، پڕبکاتەوە (ئەسوەد، ٢٠١٥، ١٥٢). مەودای ئیستێتیکی، یان جوانیناسی، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی ئیستێتیکی دەق خوێنراو کەشف بکرێت و گۆڕانکاری لە زەینی وەرگردا ڕوبدات، (یاوس)، چەمکی مەودای جوانیناسی بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی ستاتیکی نێوان ئەوەی بەخشراوە کە دەقەکەیە و لێیڕژاوە و ئەوەیشی کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕێگای وەرگرەوە بخرێتە سەر بەرهەمهێنراو، تا بە تەئویلی جۆراوجۆر دەوڵەمەندتر بێت، ئەو جیاوازییەی کە لە ئەنجامی نزیکبونەوەی خوێنەر لە دەقەوە پەیدادەبێت، کاتێک پێکهاتە و ناوەڕۆکی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا تەبا نابێت، بۆیە وا دەکەوێتەوە ئاسۆیەکی تر بونیادبنێت، لە ڕێگای وەرگرتنی هۆشی و زانیاری تازە لە کارە خوێندراوەکەدا (حسین و محمود، ٢٠١٢، ٣٣).

ئاسۆی چاوەڕوانی وەک زاراوەیەک کە (یاوس) بەکارهێناوە سودی لە زاراوەی (ئاسۆی پێشبینی) (افق التوقع)ی زانای کۆمەڵناسی جولەکەی بە ڕەگەز هەنگاری (کارل مانهایم ١٨٦٣-١٩٤٧) وەرگرتوە، چونکە (کارل مانهایم) بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە لە وتارێکدا بەناوی (سۆسیۆلوجیای ڕۆشبیری)، بەلای ئەوەوە واتای (کۆمەڵێک بەها و پێوانە بۆ بەرژوەندیی تایبەتی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو) دەگەیاند، هەروەها (ئاسۆی پێشبینی) ئاماژەبو بۆ بیروبۆچونەکانی پێشو، ئامانج و ترسی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە قۆناغێکی مێژویی دیاریکراودا، دواتر ڕابەرانی (دیاردەگەرایی و هێرمۆنتیکا) (هۆسرەڵ و گادامێر)یش بەکاریانهێنا (قادر، ٢٠٢٤، ٢٠٠).کەواتە پلەی خوێنەر لە تیۆری وەرگرتندا لە گرینگی نوسەر و بایەخی دەقەکە کەمتر نییە، بگرە وادەکەوێتەوە کە هاوتای یەکبن، ئەویش لە ڕێگای بونیەوە بە وەرگرێکی چالاک و بکەر، نەک وەرگرێک هەمیشە چاوەڕوانیی ئامادەکراو بکات، ئەگەر کاری ئەدەبی لە سیانەی ناسراو (دانەر، کاری ئەدەبی، خوێنەر) پێکبێت، ئەوە (هانز ڕۆبێرت یاوس) ڕەگەزی سێیەم بە ڕەگەزێکی تێپەڕێنەر دانانێت، بەڵکو وەک هۆکارێکی بەشداری ناو ئەزمونەکەی دادەنێت (بەرزنجی، ٢٠١٤، ٩). ئاسۆی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

چاوەڕوانی تیۆرێکی هاوچەرخە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لە بزوتنەوە پۆستمۆدێرنیستەکان و جوانیناسیی ڕێبازی پێشوازییەوە سەرچاوەی گرتوە، ئەم ڕێبازە تیشک دەخاتە سەر وەڵامی خوێنەر بۆ دەقەکە و ئازادی بە وەرگر دەبەخشێت کە لە ڕێگەی بەشداریکردنی کارا لە نێوان خوێنەر و دەقدا ڕەخنە پراکتیزە بکات.

ئاسۆی چاوەڕوانی بەو مانایەیە، کە هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەتوانن ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر بەرزبکەنەوە، بە تێپەڕینی کات بەرهەمە ئەدەبییەکان لە بەها باوەکان نزیک دەبنەوە، کاتێک خوێنەر دەقەکە دەخوێنێتەوە بە پشتبەستن بە سەلیقە و پاشخانی زانیاری خۆی، لێکدانەوەی نوێی بۆ دەکات، ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی نوێبونەوەی بەردەوامی دیدگای هونەری و فیکری خوێنەر، کە لە کۆتاییدا گۆڕانکاری لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا دەرست دەکات (لحمدانی، ٢٠١٤، ١٦). کەواتە هەمو خوێنەرێک بەپێی ئەو چوارچێوەی ژیان و پاشخانە مەعریفییەی کە هەیەتی خاوەنی ئاسۆی چاوەڕوانی تایبەت بە خۆیەتی، لە هەمان کاتیشدا دەقی ئەدەبیش ئاسۆی چاوەڕوانی تایبەت بە خۆی هەیە، زیندوبی و بەهێزی هەر دەقێکیش بەندە بە جیاوازی و فراوانی ئەو مەودایەی کە لە نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی دەق و خوێنەردا هەیە، واتە شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی نوسینی ڕۆمان کە نوسەران بەکاریدەهێنن بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و دروستکردنی کاریگەریی، ئەم تەکنیکە بریتییە لە گۆڕینی ئاڕاستەی چیرۆک بەشێوەیەکی چاوەڕاننەکراو و پێچەوانەی پێشبینی خوێنەر دەبێتەوە.

ئاسۆی چاوەڕوانی جەخت لەسەر خوێنەر دەکاتەوە وەک توخمێکی گرنگ لە پرۆسێسکردنی دەقەکاندا، بە بڕوای (یاوس)، خوێنەر بەو زانیاری و ئەزمونەی کە لە کارلێککردن لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا بەدەستی هێناوە، لە دەقێکی تر نزیک دەبێتەوە. ئاسۆی چاوەڕوانی بریتییە لە کۆمەڵێک چاوەڕوانیی ئەدەبی و ڕۆشبیری کە خوێنەر هەیەتی و لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا بەکاریاندەهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە ژانرەکاندا، بۆ نمونە لە پێشکەوتنی (داستان و ڕۆمان)دا، پێوەری ئەم پێشکەوتنەش وەرگرە بەهۆی ئەزمونەکانی پێشوی لە خوێندنەوەی کارە ئەدەبییەکاندا، دەستنیشاکردنی ئەو پێشکەوتنەش بە ساتی تێپەڕاندنی پێوەرەکانی هەر ژانرێک دەکرێت (قادر، ٢٠٢٤، ٢٠٠). لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی تەنیا کۆمەڵێک پێشبینی سادە نییە، بەڵکو پەیکەرێکی ئاڵۆزە لە ئەزمونی پێشوەختە، پێوەرە ئیستێتیکییەکان و پاشخانی مەعریفی وەرگر، لەم سۆنگەیەوە بەهای ڕاستەقینە و داهێنەرانەی هەر دەقێکی مۆدێرن لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە تا چەن دەتوانێت بە شێوەیەکی مەبەستدارانە ئەم سنورە باوانە تێپەڕێنێت و شۆکێکی مەعریفی لای خوێنەر دروست بکات، (یاوس) خوێنەر وەک بەشداربوویەکی کارا لە سێگۆشەی دەق و نوسەر و خوێنەر وەسف دەکات، تەنیا پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەقە، کە لە ئەنجامدا ئاسۆی چاوەڕوانی نوێی لێ بەرهەمدێت. کارلێککردن لەگەڵ دەقێکدا دەتوانێت بۆ خوێنەر سۆزداری بێت، چونکە ئاشنابونیان بە تایبەتمەندییە ئاشناکانی ژانر دەتوانێت چاوەڕوانییەکان بۆ ناوەڕاست و کۆتایی بەرهەمبهێنێت دوای ئەوەی سەرەتا پێشبینییەکی لەو شێوەیەی وروژاندوە، کەواتە ئاسۆی چاوەڕوانی زاراوەیەکە، کە لە تیۆری وەرگرتنی (هانس ڕۆبەرت یاوس)دا بەکارهاتوە بۆ دیاریکردنی کۆمەڵە نۆرم و گریمانە و پێوەرە کولتوورییەکان کە شێوازی تێگەیشتن و حوکمدانی خوێنەران لە بەرهەمێکی ئەدەبی لە کاتێکی دیاریکراودا دادەڕێژن، لەوانەیە بەهۆی هۆکارەکانی وەک باوبونەوە دروست بێت.

زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی، بە واتای ئاسۆی ئەزمونی ژیان و ئاسۆی بونیادنانەوە دێت، واتە سیستەمێکی بیرییە، کە لە ڕێیەوە خوێنەر گریمانەکانی خۆی بۆ لێکدانەوەی واتای دەقی ئەدەبی بونیاد دەنێت، کاتی خوێندنەوەی دەقەکە گرنگیی خۆی هەیە، کەواتە ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو توانا و شارەزاییانەیە کە خوێنەر هەڵیگرتون و لە کاتی خوێنەوەدا بەدەر دەکەون، (یاوس)، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بو، کە دەق لەگەڵ کۆنتێکستە مێژوییەکەیدا بەیەکەوە ببەستێتەوە، چونکە دەق پێویستی بە یەک خوێنەر و یەک سەردەمی مێژوبی نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە کۆمەڵێک خوێنەر و سەردەمی جیاوازەوە هەیە، واتە کاتێک ئێمە لە دەقێکی کۆن، بۆ نمونە دەقێکی (نالی) دەکۆڵینەوە بە پێی ئەم میتۆدە، ئەوا خوێنەری ئێستا ناتوانێت بەبێ ئەزمون و فەلسەفە و پرسیارەکانی ئێستا بچێتە ناو دەقەکەوە، واتە ناتوانێت تەنیا لە کۆنتێکستە مێژوییەکەی سەدەی نۆزدەدا لە دەقەکانی (نالی) بکۆڵێتەوە، بەڵکو پێویستە زەمەنی ئێستا بە هەمو ڕەهەندەکانییەوە لەگەڵ خۆی ببات، کەواتە ئاسۆی چاوەڕوانی دیالۆگی نێوان کۆن و ئێستایە (قادر، ٢٠٢٤، ٢٠٥).

کەواتە سەبارەت بەو (دەقە) کە خاوەنی پێکهاتەی بەرزی (هونەری) و بەهای بەرزی (جوانیناسی)یە، گرنگ نییە لەگەڵ (ئاسۆی خوێنەر)دا دەگونجێت یان لێی جیاوازە و لەگەڵ سروشتی وەڵامەکەیدا بەریەک دەکەوێت، بەو پێیەی ئەم جۆرە (دەق)ە توانای ئەوەی هەیە کە کاریگەری لەسەر (خوێنەر) دروستبکات، بچێتە ناو ڕۆحی خۆیەوە و تەرازوەکانی ناو مێشکی بسوڕێنێت، بەتایبەتی کاتێک (ئاسۆ)ی ئەو دەقە جیاوازە لە (ئاسۆی چاوەڕوانی)ی خوێنەرەوە و نائومێدکردنی (ئاسۆی چاوەڕوانی)ی ئەو و ئەو (دەقە)ی کە سەرەڕای ئەم جیاوازییە توانی ئەو کارە بکات، بێ گومان (دەق)ێکی ناوازە و (گوتار)ێکی جیاوازە لە هەمو ئاستەکاندا، لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوە، ڕەنگە بەرهەمی ئەدەبی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەبەرچاو بگرێت کاتێک وەڵامی ستانداردە هونەری و

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

جوانیناسی و ژانرەکانی دەداتەوە لە ڕێگەی پرۆسەکانی لێکچوونی دەق، زانینی پاشخان، یاساکانی ژانر و ژانرە ئەدەبییەکان کە لە تیۆری ئەدەبیدا دەیانناسێت، بەڵام ڕەنگە چاوەڕوانییەکانی نائومێد بن و سەری سوڕمێت ئەگەر ڕوبەڕوی دەقێکی مۆدێرن ببێتەوە، کە لەگەڵ ئەو ڕێسایانەدا ناگونجێت کە لە نزیکبونەوە لە دەق ئەدەبیدا چەکدارە، کاتێک خوێنەر مەشق دەکات بە خوێندنەوەی دەقە ئاسایی و دوبارەبوەکان، بێ گومان ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی لەبەرچاو دەگرن، چونکە خوی بە خوێندنەوەیان گرتوە لە ڕێگەی پێوەرە ناسراوەکان و میکانیزمەکانی ژانر و شێوازی شیکارییەوە، بەڵام ئەگەر ئەو پراکتیزەیە بۆ دەقە جیاوازەکان کە جیاوازن لە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی پراکتیزە بکات، ئەوا بە سروشتی خۆی بە میتۆدی هونەری نوێ توشی شۆک دەبێت، لە چەمکەکانی خوێندنەوەی نەریتی لادەچێت کە بە هۆی گۆڕانکاری هونەری لە نێوان ئەو میتۆدانەی، کە لە دەقە نەریتییەکان و دەقە مۆدێرنەکاندا دەدۆزرێتەوە و پێی ئاشنایە، ئەمەش بەو مانایەیە کە مەودایەکی جوانیناسی هەیە وەک (هانس ڕۆبەرت یاوس) ناوی دەبات، کە خوێنەر سەرلێشێواو دەکات و چاوەڕوانییەکانی نائومێد دەکات بەم پێشێلکارییە هونەری و جوانیناسییە، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان بەرز دەکاتەوە و نەمریان دەکات، هەربۆیە لەسەر بنەمای ئەم چوارچێوە تیۆرییە، لە بەشەکانی داهاتوی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین شیکاری بۆ ڕۆمانی (سەگوەڕ) بکەین، بەمەبەستی دەرخستنی ئەو میکانیزمانەی کە نوسەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی چاوەڕوانییە کرۆنۆلۆژی و زمانەوانی و فیکرییەکانی وەرگری کورد خستوبێتەگەڕ.

٢- شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی لە ڕۆمانی (سەگوەڕ)دا

ڕۆمانی (سەگوەڕ)، کە لە ساڵی (١٩٨٢)دا، لەلایەن ڕۆماننوس (محەمەد موکری)یەوە لە شاخ بڵاوکراوەتەوە، دەتوانین بڵێن یەکێکە لەو ڕۆمانانەی، یان تاقانە ڕۆمانە لەو سەردەمەدا زۆرترین گفتوگۆی لە بارەوە کراوە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەبوە، کە ڕۆمانی (سەگوەڕ)، یەکەمین ڕۆمانی کوردییە، کە بە زمانی ڕەخنە لەسەر شۆڕش نوسراوە، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە پێچەوانەی چاوەڕوانی خوێنەرانی ئەو سەردەمە بو، بە هەمو چین و توێژە جیاوازەکانەوە، وەک: (نوسەران، ڕۆشبیران، سیاسییەکان، هاوڵاتی و خوێنەری ئاسایی)ش، ڕۆمانی (سەگوەڕ) لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی شۆڕش (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا نوسراوە، لەم ڕۆمانەدا شێوازی گێڕانەوە بە شێوازێکی بابەتییە، کە گێڕەرەوە هەوڵ دەدات هەمو شتەکان بگێڕێتەوە بۆ سنوری دەستەڵاتی خۆی، شێوازی گێڕانەوەی ڕوداوەکان بە (جێناوی کەسی دوەمی تاک)ە.

(میشێل بوتۆر- ١٩٢٦)، کە دیارترین ڕۆماننوسێکە ئەم جێناوەی بەکارهێنابێت لە ڕۆمانەکانیدا، پێیوایە جێناوی (تۆ) لە نێو جێناوە بەکارهاتوەکانی پرۆسەی گێڕانەوەدا هێزێکی زیاتری هەیە بۆ نواندنی جیهانی و هۆش و نوێنەرایەتیکردنی هزر، چونکە گێڕەرەوە بەرامبەر خوێنەر دەوەستێت و ڕاستەوخۆ وتە و بیروڕاکانی ئاڕاستە دەکات، یەکێک لەو ڕۆمانانەی لە گێڕانەوەی ڕوداوەکان و پێشکەشکردنی کەسێتییەکانیدا ئەم شێوازەی بەکارهێناوە، ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)یە (محمد، ٢٠٠٩، ١٦٥). گێڕانەوە لە ڕۆمانی سەگوەڕدا بەشێوەی بیرەوەرییە، کە لە ناو زیندان و لە چاوەڕوانی بردنی بۆ بەردەم پەتی سێدارە و مەرگدا گێڕاوەتەوە، لەو کاتانەدا مروڤ دەزانێت ئیتر ژیان بۆ ئەو تەواو بوە، کارەکتەرەکە چەند کاتژمێرێکی کەمی ماوە، لە چاوەڕوانی بینی دایکیدایە، کە بۆ دواجار ماڵئاوایی لێبکات، کاتی چاوەڕوانییەکەی هەوڵدەدا یادگارییەکانی لە بیرەوەریدا زیندو بکاتەوە.

هونەری بیرەوەری لەسەر گەڕانەوە بۆ زەمەنی ڕابردو (فلاش باک) دادەمەزرێت، لەنێو گێڕانەوەکانیشدا، بە هەردو تەوەری زەمەنی (ناوەڕۆکی گێڕانەوە و بابەتی گێڕانەوە)، جارێکی دیکە ڕوبەری گێڕانەوەیەکی دیکە دەبین (کریم و مەستی، ٢٠٢٣، ١٧٦).

ساڵی (١٩٨١) ئیسماعیل ڕۆژبەیانی ڕۆمانی (نازە) لە بەغدا بڵاودەکاتەوە، ئەمە یەکەم ڕۆمانی کوردییە کە لەسەر بەرگەکەی نوسراوە «ڕۆمان». ساڵی (١٩٨٢) ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری) بڵاودەبێتەوە و بۆ ماویەک فەزای ڕەخنەی ئەدەبی و هەروەها سیاسیش دەهەژێنێت، تەنانەت (محەمەد مەولود مەم)، ڕۆمانێک لە وەڵامی (سەگوەڕ) بە ناوی (کاروان و سەگوەڕ) دەنوسێت.

(مام جەلال تاڵەبانی)، دەربارەی ڕۆمانی سەگوەڕ، کە لە پێشەکی لە چاپدانەوەی ڕۆمانەکەدا لەژێر ناونیشانی (چیم لەبیر ماوە لەسەر سەگوەڕ) نوسیویەتی و دەڵێت: " کەڵکێکی تری بڵاوکردنەوەی سەگوەڕ ئەوە بو کە بوە مایەی قسە و باس و مشتومڕ و لێدوان و گفتوگۆ، ئەوی ڕاستی بێت منیش بەشداریم تێدا کرد، هەم لەگەڵ پێشمەرگە ناڕازییەکان و هەم لەگەڵ کادیر و نوسەرانی «ی.ن.ک»یش ئەو ڕاستییەمان بۆ هەموان دوپات کردەوە، کە دەبێ «ی.ن.ک» هەڵگر و بەدیهێنەری دروشمی دابینکردنی ژیان بێت بۆ نوسەران و ئەدیبان، کەڵکە زۆر و زەوندەکانی ئەو دروشمەم نیشاندان، لە وەڵامی هەندێک پێشمەرگەدا پرسیم، کە مامۆستا موکری چی تێ گرتون؟ گوللە یان گوتە؟....

گوتیان شتی وای نوسیوە بە دڵمان نییە دژی «ی.ن.ک»یشە

لە وڵام دا گوتم:

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

دژی «ی.ن.ک» تێدا نییە، بەڵام گەر بەدڵتان نییە، بە هەمان چەکی مامۆستا موکری بەرەنگاری ببنەوە، ئێوەش لە سەر «سەگوەڕ» بنوسن و چیتان پێ هەڵەیە نیشانی بدەن و چیتان پێ باشە دەری ببڕن" (موکری، ٢٠٠٨، ٥).

ڕۆمانەکە لەسەردەمی شاخدا بەرەنگاری شەڕی براکوژی دەبێتەوە و نەفرەتی لێدەکات و بە بێ ترس پەلاماری پیرۆزییەکان دەدات، ئەمەش ناڕەزایی زۆری بەدواداهات.

کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی سەگوەڕ ناتوانرێت بە کارەکتەرەکانی ناو واقیع دابنرێن، ڕوداوەکانیش بگێڕێتەوە سەر ڕوداوە واقعیەکانی مێژو، ڕۆمانەکە ڕەوتێکی بەگژداچونەوەی سەردەمە و ئەو ڕەوتە ڕامیاری و مێژویی و کۆمەڵایەتییە ڕەتدەکاتەوە، کە تایبەتە بەو سەردەم و مێژوە و ئەدگارەکانی بەسەر ناوەندی ڕۆشبیری کوردیەوە دیارە، کارەکتەرەکانیش جیاوازی و جێگۆڕکێی تیا بەدی دەکرێت و ڕەگەزە باوەکانی پێشوی لە دەستداوە، کارەکتەر کەسێکی ونبوە بەپێ تیۆری ڕۆمانی نوێ، چونکە ڕوداوەکانی بە هێڵێکی گشتییەوە نەبەستراونەتەوە، ئەو سنورەیان نییە کە لای ڕۆماننوسە کۆنەکان هەیە (محمد، ٢٠٠٣، ٤).

(محمەد موکری) لەم ڕۆمانەدا چاوەڕوانیی باو لەو سەردەمەدا دەشکێنێت، ئاسۆی چاوەڕوانی باو هاوسۆز و هاوتەریب بوە لەگەڵ جوڵاندنی هەستی خوێنەران بەرامبەری ئەو زوڵم ستەمەی کە لە میللەتی کورد کراوە، بەڵام ئەمە وا لە نوسەر ناکات کەموکوڕی و کێشەکانی شۆڕش نەبینێت، بونی نوسەر لە شاخ و لەناو شۆڕشدا لە دو ڕوەوە کاریگەر بوە، یەکەمیان، کە ئەوەی لێنەخوێندراوەتەوە، کە دژە شۆڕش و میللەتی خۆیەتی، دوەمیشان، لە نزیکەوە ئاگاداری کەم و کورتی و کەلێنەکان بوە، ئەمەش ڕۆمانەکەی کاریگەرتر کردوە ڕەخنەکانیشی گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە و زۆرترین کاردانەوەی لێکەوتوەتەوە.

"ئەمشەو نەخەوتی و بێدار بویت، ئۆقرەت نەدەگرت، لەسەرپشت ڕادەکشای، هەڵدەستایتە سەرپێ، بەیەک شەقاو ژورە تاریکەکەت پەی دەکرد، گاە دادەنیشتی و گاە سەرت دەخستە نێو ئەژنۆکانتەوە و پەنجەکانی دەستت هەڵدەپێکا، گاە سەرت بەرزدەکردەوە و خۆت بە خوێندنەوەی ئەو ڕستە بە زنجیر نوسراوانەی سەر دیوارەکانی ژورەکەت خەریک دەکرد، کە بەر لە (تۆ) دەیان بگرە سەدان کەس ئەم ژورەیان بینیوە، بە دوا سەرنجی پڕ لە سۆزەوە جێیان هێشتوە! (تۆش) بە زنجیرەکانی دەست و پێت، هەندێ لە دیوارەکانت نەخشاندوە، بەڵاوم نەک وەک کەسانی بەر لە خۆت، بە دروشمی گیان بەخشی، نەبەزین و شیعری دڵتەزێن، نا، ئەمانەت نەنوسیوە"(موکری، ٢٠٠٨، ٩). هەر لە سەرەتا و دەستپێکی ڕۆمانەکەدا دوای ئەوەی لە چەند دێڕی یەکەمدا خوێنەر بەوە ئاشنا دەبێت، کە کاراکتەری سەرەکی و قسەکەری ڕۆمانەکە لە زیندانی تاکەکەسیدایە و زیندانییەکی سیاسییە و بێ ئۆقرەیە، بەڵام ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ڕوداوەکە و هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت بە شێوەیەک پێچەوانەی چاوەڕوانی خوێنەر بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی سەرسوڕمان و هەستێکی نوێ لای خوێنەر، هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە و پەرەگرافی یەکەمدا، ڕاستەوخۆ پێچەوانەی هەڵوێستی چاوەڕوانکراو و باوی ئەو سەردەمە دەبێتەوە، نەک هەر وەک ئەوان بیر ناکاتەوە بەڵکو دژایەتیشی دەکات، لێرەدا کاتێک کارەکتەری سەرەکی لە زیندانداییە، بەڵام پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییەی کە لێدەکرێت بیرکرنەوە، قسەکردن و دەربڕین، هەڵوێست و کارکردنی جیاوازە، هەربۆیە دەتوانین لە چەند ڕەهەندەوە شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی دەستنیشان بکەین، لەوانە:

٢-١ تێکدانی کرۆنۆلۆژیی گێڕانەوە:

ڕۆمانی (سەگوەڕ) لە جیاتی ئەوەی سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەبێت، کاتەکان تێکهەڵکێش دەکات، کات لە ڕۆمانەکەدا وەک هێڵێکی ڕاستەوخۆ بەکارناهێنێت، بەڵکو کات وەک (بازنە)، یان (پارچەپارچە بو) دەردەکەوێت، ئەمەش وەک تەڵەیە بو، کە خوێنەرانی سالانی هەشتاکانی توشی سەرسوڕمان و شڵەژاوی دەکرد، چونکە خوێنەری ئەو سەردەمە ڕاهاتبو گێڕانەوەکان لە دەسپێکەوە تاکۆتایی بە شێوەیەکی زنجیرەیی و بێ پچڕان کۆتاییان بێت، ڕۆمانەکە لە شوێنێکەوە دەست پێ ناکات کە ڕەگ و ڕیشەی ڕوداوەکان ڕون بێت، خوێنەر کە دەست بە خوێندنەوەی دەکات، وەک ئەوە وایە فڕێدرابێتە ناو گێژاوێک لە کات و شوێن، ئەمە چاوەڕوانیی خوێنەر بۆ پێشەکییەکی مێژویی یان ناساندن تێکدەشکێنێت.

"شەوێ- پاش هەواڵەکە- یاد، مێشکتی تەنی بو، بەرەو دور دور دورتر، پەلکێشی دەکردی- بۆ پازدە ساڵ لەمەوبەر، بوە چاوساغت..." (موکری، ٢٠٠٨، ١٤). لەم کاتەدا لەناو ژورە تاکەکەسییەکەیدایە لە زیندان، لەڕێگەی یادەوەرییەوە بۆ پازدە ساڵ پێشتر دەگەڕێتەوە و دەڵێت: "لەبەر بەفر بە جوانی چاوت نەیدەبینی، ئەو پێدەشتەی بەرپێت ڕەشایی پێوە دیار نەبو، چیاکانی بەرانبەریشت، ئەوەندە سپی بون، ڕێشکە و پێشکەیان بە چاوانت دەکرد! زستانە ڕۆژێکی سەخت بو، دایکت بەڕێ دەخستەوە، سەرەڕای ئەوەی هەمو شتێ سپی دەچوەوە، کزەبایەکی ساردیش وەک تیغ خۆی دەکێشایە سەر ڕوخسارتانەوە" (موکری، ٢٠٠٨، ١٥). واتە پازدە ساڵ پێشترە و لەگەڵ دایکیدایە کاتێک کە دایکی بەسەردان بۆ لای ئەو چوە و ئێستا دایکی بەڕێدەکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ بۆ ژورەکەی لەناو زیندان دەگەڕێتەوە، هەروەک دەڵێت:

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

"پازدە ساڵ تەمەنێکە و بەدەم ئاسانە، (ئێستا) هەمو شتێکی ئەو سەردەمەت وەبیردێتەوە، بە زنجیرەکەی دەستت هەندێ لە دیوارەکەی ژورەکەت هەڵکۆڵیوە..." (موکری، ٢٠٠٨، ١٥).کەواتە موکری پەنای بۆ کاتی بازنەیی بردوە، تێکدانی کرۆنۆلۆژی گێڕانەوە دێتەکایەوە، کە لە ژوری زیندانەکەوە دەستی پێکرد و دواتر بۆ پازدە ساڵ پێشتر گەڕایەوە، دیسانەوە بۆ هەمان ژور لە ناو زیندانداا دەگەڕێتەوە، ئەمەش وا دەکات سەرەتا و کۆتایی تێکەڵ ببن، ئەمەش دەبێتە هۆی شکاندنی کاتی هێڵی و شۆککردنی خوێنەر، چونکە خوێنەر بە شێوەیەکی سروشتی ڕاهاتوە، کە ڕوداوەکان لە (سەرەتا – ناوەند- کۆتایی) پێکبێت، کاتێک (موکری) کاتی بازنەیی بەکارهێناوە، ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەشکێنێت، چونکە خوێنەر چاوەڕێی گەشەکردن و گەیشتنە ئەنجامی ڕوداوەکان دەکات، بەڵام کە دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا توشی سەرلێشێواوی پەرشوبڵاوی دەبێت.

"دوێنێ شەو لەنێو ئەم یادانەدا ون بووبوی... گەر ئێستا دایکت بێت، ناتوانی بەرەو پیری بچیت و باوەشی پیا کەیت، ڕەنگە نەیەڵن زیاتر لە سەعاتێ چاوی پێت بکەوێ... ئەوسا، سێ ڕۆژ لەگەڵتا مایەوە، ئەو سێ شەو و ڕۆژە، هەتا بەرەبەیان پرسیارەکانت لە دایکت دوبارە دەکردەوە: توخوا دایکە، باوکم چۆنە؟ گورێکی ماوە؟ ئەی نەسرینی خوشکم چۆنە؟ ئەرێ لەگەڵ دەرسەکانیا چۆنە، توخوا دایکە خاڵۆ حمە حەسەنم چۆنە؟ بشێ بەری نەدەن؟ خۆ ئەو بەستەزمانە، نەخوێندەوارە هیچی بە هیچەوە نەبو... لە ڕەشبگرییەکەوە تا ئێستا بەر نەبوە"؟ (موکری، ٢٠٠٨، ١٨). لێرەدا کاتەکان بەپێی کرۆنۆلۆژی ڕیز نەکراون، بەڵکو بەپێی بەبیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکانن، (موکری) خوێنەر دەباتە ناو ڕوداوەکان و پاشان بە کتوپڕی دەیگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردو، بەمەش ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تێکدەشکێنێت، بەوەی کات جێگیر و ئاڕاستەی ڕاستە هێڵی نییە، کات هەمو چرکەیەک ئەگەری گۆڕانی بۆ کاتێکی تر هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو خوێنەرەی، کە دەیەوێت بەشێوەیەکی لۆژیکی لەو مێژوە تێبگات، بەمەش خوێنەر دەخاتە ناو هەمان ئەو دۆخە دەرونییە شێواوەی، کە کارەکتەرەکەی تێدا دەژی.

٢-٢ ئاستی زمان و هێما:

بەکارهێنانی زمانێکی زبر و توند، کە بۆ ئەو زمانە باوەی، کە خوێنەر پێی ڕاهاتبو لە ئەدەبیاتدا جۆرێک بو لە یاخیبون، (موکری) بە پیشاندنی دیوە شاراوەکەی شۆڕش گۆمی مەنگی قەتماغە بەستوی شۆڕش و کوردایەتی دەشڵەقێنێت، پێچەوانەی چاوەڕوانی هەموان تەنها ڕۆیشتنی یەک ئاڕاستە نابینێت و ئاڕاستە پێچەوانەکەیش دەخاتەڕو.

"هەیهۆ...هەیهۆ... هەمان داموددەزگا کۆنەکان... هەمان ڕوخسارە بزەئامێزی چاپلوسی و هەمان گەوج و ئەحمەق، بەهەمان ڕفتاری ئاغایەتیی جاری جارانەوە (شۆڕشگێڕن)" (موکری، ٢٠٠٨، ٧٣). بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکانی وەک: (کۆن، چاپەلوس، گەوج و ئەحمەق)، بۆ ئەو کەسانەی هەڵگرسێنەرەوە و پێشەنگی شۆڕشن، کە بە شۆڕشی نوێ ناوی لێنراوە، تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچون و دنیابینییە کە لەو واقیعەی لە شاخ و لە شاریشدا هەیە دەوەستێتەوە، دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی کۆمەڵگایە، (موکری) لە ڕێگەی شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە دەتوانێت لایەنە شاراوە و نادیارەکانی کۆمەڵگا دەربخات و ڕەخنە لە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی بگرێت.

"هیچ زۆریان لێ کردی... لە ڕودا مایت، بەنابەدڵییەوە، بەشداریت کرد و بویتە شاهێدی ئاشبەتاڵ، گەڕایتەوە... هەمو ئەو (جوامێر و عەگید و ڕۆستەمانەت) بینی کە چۆن بەشەو ڕۆژێ پێستی شێریان لەبەر دامااڵین و کورتانیان لێ نان... ئای کە پێکەنیت بە خۆت و قوڕبەسەریی میللەتەکەت دەهاتەوە کە دەتبینی، زۆربەی زۆری (سکرابە سیاسییەکان) هەریەکە و حیزبێکی دامەزراند... هەمویش هەر دەیوت (حوکمی زاتی حەقیقی! و لەسەر ڕێبازی مارکسی)" (موکری، ٢٠٠٨، ٦٢). لێرەدا زمان و هێما وەک دو ئامرازی تێکشکان و جیاواز و پراگماتیک کاردەکەن، (موکری) لە ڕێگەی تێکشکانی زمانی باو و بەکارهێنانی هێمای ئاڵوز، ڕێگە لە خوێنەر دەگرێت کە بە ئاسانی تێکەڵی ناو دنیای دەقەکە ببێت، ئەم ستراتیژە شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی لێدەکەوێتەوە، خوێنەریش ناچار بە گەڕان بە دوای مانای شاراوەدا دەکات.

"ئەوا سەرتاسەری تەمەنت - ئەمجارە – بە تێکەڵ و پێکەڵی بە بەرچاوتەوە تێ دەپەڕی؟ بۆ وا بە پەلە هەڵسایتە سەرێ بە تورەییەوە دەستت بۆ ئەڵقەکانی زنجیرەکەت دەبەی؟ ڕەنگە مەبەستت بێ، وشەیەک، دێڕێک لەم ژورەدا جێ هێڵی؟ ئەوە خۆ بە خەتی زل و ڕوپێوی دیوارەکەی لای چەت بە وشەی (سەگوەڕ) دەستنیشان کرد! خۆ هەڵکۆڵینی ئەم وشەیە، بەم پان و پۆرییە چەند سەعاتێکی تەمەنی دەوێ! ئا... خۆ ئەوە شێتانە و بە پەلە جێی پێتەکان لەسەر دیوارەکەدا هەڵدەکۆڵی و بەرقەوە، زیاتر دەستت دادەگری، بەرە و ناخی دیوارە کۆنکریتییەکە ئەڵقەی زنجیرەکەت دادەخزێنی..." (موکری، ٢٠٠٨، ٧٥). موکری زمانی کوردی لە قاڵبە باوەکەی دەرهێنا، بەکارهێنانی (سەگ) وەک ڕەگەزێکی سەرەکی چاوەڕوانی خوێنەر بۆ ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ تێڕامانێکی قوڵی فەلسەفی دەربارەی مرۆڤ و دەستەڵات، لە تەواوی ڕۆمانەکەدا کە (٧٧) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندە (١٧) جار

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

وشەی سەگوەڕی بەکارهێناوە، کە هەندێکجار بۆ نوسینی لەسەر دیوارەکانی زیندانەکەیە، هەندێکجاریشی بۆ وەڕینی سەگ لەو کاتانەی کە لە دەرەوەی زیندانداید.

"پازدە ساڵ تەمەنێکە و بەدەم ئاسانە، (ئێستا) ئێستا هەمو شتێکی ئەو سەردەمەت وەبیر دێتەوە، بە زنجیرەکەت دەستت هەندێ لە دیوارەکەی ژورەکەت هەڵکۆڵیوە... بە وشەی (سەگوەڕ) نەخشاندوت، ئەو وشەی پێوەندییەکی بە تینی لەگەڵ باوەڕ و ڕۆحتدا پەیداکردوە، بۆ نا؟ ئەوە نییە گەڵێ جار، بە منگە منگ ئاوازت بۆ داناوە و تەنیایی خۆتی پێ دەلاوێنیتەوە و جارجارەش دەیبەستیتەوە بە (شەو، ڕێ، ونبون) لە یەک دو دێڕی بێ سەروبەر و بێ مانادا جێت بۆ کردوەتەوە! هەرکە لە تاریکیی ژورەکەت و لە تەنیایی، وەڕس دەبوی، بێ ئیرادە دەستت بە منگە منگ دەکرد، تا ماندو دەبویت، زۆربەی شەوانت، خەوت نەدەهات، سەرت دەنایە قەد گۆشەیەکی ژورەکەت، وشەی (سەگوەڕ) سەر زمانتی دەکردە هێلانە..." (موکری، ٢٠٠٨، ١٥).

لەم ڕۆمانەدا هێماکان یەک واتای دیاریکراویان نییە، وەک ئەوەی پێشتر لە شیعر و چیرۆکدا بوە، هێماکان ئاڵۆز و چەند ڕەهەندین، (موکری) وشە و دەستەواژەکانی (شاخ، تفەنگ، شۆڕشگێڕ، پاڵەوان، سەگ...)ی هەڵگێڕاوەتەوە و مانایەکی بونگەڕایی و ڕەشبینانەی پێ بەخشیون، ئەمەش گەورەترین شۆکی بە ئاسۆی چاوەڕوانی دەق داوە، لە نوسینەکانی پێشتردا (سەگ) هێمای وەفا و دڵسۆزی بوە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا دەبێتە هێمای تێکچونی مرۆڤایەتی، نامۆیی، جەنگ و نا ئارامیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش خۆێنەر سەرسام دەکات و دەبێتە هۆی شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر، چونکە خوێنەر چاوەڕێی مانا ئاشکرا و دەورەدراوەکان دەکات.

"یەک دو مانگێ پاش ئاشبەتاڵ، زانیت چەند کەسێکی (مودمن) لەسەر پێشمەرگایەتی بە چیاوەن...! ئیتر کوردی تفەنگ دۆست لێیانەوە ئاڵان... بونە سەد، دوسەد، هەزار... هەر کوردێ دەچوە سەریان... پیشەی پیشو، کوردفرۆشی و کوردایەتی لە برەودابون و هاوسەنگ!" (موکری، ٢٠٠٨، ٦٣). لە چەندین وێستگەی ڕۆمانەکەدا، مامەڵەی کارەکتەرەکان لەگەڵ تفەنگەکانیان مامەڵەیەکی پڕە لە ماندویەتی و دوبەرەکی، لەبری ئەوەی تفەنگ ئامرازێک بێت بۆ پاراستن و متمانە بەخۆبون، دەبێتە پارچە ئاسنێکی سارد و بێ ڕۆح و قورساییەکەی شانیان دەشکێنێت.

"ئەو شەوە، بێزت لە خۆت دەکردەوە، بە دۆڵە پێچاوپێچەکەدا، بەنێو ئاوی چەمەکەدا بەپەلەتر دەڕۆیشتی، هەزاران دەنگی ناجۆر لە گوێیەکانتا دەزرنگانەوە..." (موکری، ٢٠٠٨، ٣٣). سروشت و شاخ لەبری ئەوەی ئامێز بۆ پێشمەرگە و کارەکتەرەکان بکاتەوە، وەک ژینگەیەکی درندە، سارد و بێبەزەیی وێنا دەکرێت، وەسفکردنی شاخ دەبێتە هۆی گۆشەگیری، کارەکتەرەکان لەناو سروشتدا وەک بونەوەرێکی دابڕاو و ترساو دەردەکەون، تاریکیی دەبێتە مۆتەکەیەک و دەرونیان دەخوات.

"دەشێ نەترسانیش جۆری بێ لە ترسنۆکی هەنگاوی یەکەمی خۆ وەدەستەوەدان بێ... بەهەرحاڵ (ئێستا) خۆت باشتری دەزانی بۆ ناترسیت! ئاوا ئەمڕۆ، هەر لەبەرەبەیانەوە لە نێو پیتەکانی وشە بە زنجیر نوسراوەکەتا دەتوێتەوە، جڵەوی یادت شل کردوە و سەرکێشانە بە نێو دنیای یادەکانتا ئەمسەر و ئەو سەری دەکەی! دوێنێ، سەرلەئێوارە بو، هەواڵیان پێدایت (کە سبەی شەو فەرمانی خنکاندت وەجێ دێنن) بە لاتەوە ئاسایی بو، کارێکی ئەوتۆی تێ نەکردی... بە بزەوە هەواڵەکەت وەرگرت... هیچت نەوت (ئەوان) پێیان وتی هەواڵیشمان بۆ دایکت ناردوە، تا بۆ دواجار یەکدی ببینن..." (موکری، ٢٠٠٨، ١٢).

ئەو ڕوداوەی کە چاوەڕوانەکراوە لە هەڵوێستی کاراکتەرەکەدا لە دوای پازدە ساڵ زیندانی و بردنی بۆ بەردەم پەتی سێدارە لە دوای چەند کاتژمێرێکی کەم و هەمو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر خێزانەکەیدا هاتون، هەروەها ڕودانی چەندین کارەساتی ئێجگار جەرگبڕ بە بەرچاوییەوە لە دەوروبەریدا، ئەوەیە کە بە تاقانە وشەکەی سوکنایی بۆ دێت و پڕ بە پێست و شیاوی وەڵامدانەوەی ئەو نەهامەتیانە دەزانێت، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە وشەی (سەگوەڕ)، هێمایەکە و هەڵگری زۆر واتای قوڵ و شاراوەیە، وەک هێژێکی مێژوویی و دەرونی و بەرەنگاریی و ڕوبەڕوبونەوەی ژیانێک لە نادادی و زوڵم بەکاریدەهێنێت، بەمەش ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەشکێنێت و لەناو ئەو ئارامییە ڕوکەشەدا دەیهێنێتە دەرەوە و بۆ ئاشنابونی ئەو ژیانە پڕ لە کارەساتە ڕایدەکێشێت.

٢-٣ ڕەهەندی سیاسی و فیکری:

لە پاش چەند ساڵێکی کەم لە دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، کە ناوی شۆڕشی (نوێ)ی لە خۆی ناوە، ئومێدی زۆری لەسەر بنیاتنراوە، بانگەشەی جیاواز بون لە شۆڕشی پێشوتر لە بنیات و بناغەی فکری و سیاسی شۆڕشی پێش خۆی دەکات، بەڵام ڕۆمانی (سەگوەڕ) وەک دەقێکی یاخی دژی چاوەڕوانییە باوەکان دەبێتەوە، لە کاتێکدا دروشمبازی و باسی زوڵم و زۆرداری لە نەتەوەی کورد، لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی زۆربەی ئەدیبانی لاینگری شۆڕش و کوردایەتی، لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان ڕەنگیدابوییەوە، (موکری) لە سەگوەڕدا لەبری ئەوەی تەنها وێنەی قوربانییەکی بێدەستەڵات بکێشێت، دیوە تاریکەکان نیشان دەدات، مرۆڤی لەبەردەم جەور و ستەمدا بە شێوەیەکی ئاڵۆز و هەندێکجار دزێو نیشان دەدا، ئەمەش بۆ خوێنەرێک کە چاوەڕێی پاڵەوان دەکات شۆکهێنەر بو.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

"بۆ نوسینی تاقە وشەکەت، چەند سەعاتێکی تەمەنت تەرخان کردبو... تا، بەشێک لەو دروشم و شیعرانە بە زنجیرەکانی دەست و پێت کوێر کەیتەوە، هەرگیز خۆشنوس نەبویت، بەڵام بۆ نوسینی وشەکەت وەک خۆشنوسێ سەر و بۆرت بۆ پیتەکانی دادەنا، سێبەرت بۆیان ساز دەکرد" (موکری، ٢٠٠٨، ١٠). لە کاتێکدا ئەم کارەکتەرە خۆی گەورەترین قوربانییە و قوربانی گەورەیشی داوە، خۆی لە زیندانداید و ئاگادارکراوەتەوە، کە کەمتر لە بیست و چوار کاتژمێری ماوە بۆ لەسێدارەدان، هەروەها باوکی لەسێدارە دراوە، خوشکەکەی خۆی دەسوتێنێت، دوای ئەوەی لە زیندانداندا هێرشی دەکرێتە سەر و سوکایەتی پێدەکرێت، خۆشەویستەکەیشی لەدەستداوە، چەندین هاورێی لە زیندان و لە مەیدانی جەنگدا گیانیان لەدەستداوە، بەڵام دوای گێڕانەوەی هەر یەک لەم یادەوەرییە تاڵانەی، ئەو لەسەر بوچونەکەی موکوڕتر دەبێت، کە لابردنی دروشمی هەست بزوێن و گیانبازییە و نوسینی تاقانە وشەکەی کە وشەی (سەگوەڕ)ە، بەردەوامیش لەڕێگەی گەڕانەوەی بۆ یادەوەرییەکانی ڕابردوی سورتر دەبێت، زیاتر موکوڕە لەسەر بوچون و فکرەکەی، ئەمەش خوێنەر توشی شڵەژاوی سەرسوڕمان دەکات و هاوتەریب لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری ئەو کاتەدا نایەتەوە، کە کەسێک دوای ئەو هەمو قوربانییە، ئاوا وەڵامبداتەوە.

"- کوڕم نامەوێ تویشم لەدەست بچێ- نامەوێ بەهۆی منەوە... بگەڕێتەوە بۆ شار!

- دە قسە بکە دیقم کرد...

- بەکورتی هەرکە تۆ هاتیتە دەرەوە، پاش چەند ڕۆژێ، هاتنە سەرمان هەمومانیان گرت... زۆریان لە باوکت دەکرد، کە بێتە داوات و بتهێنێتەوە... ئەویش دەیوت: ئێوە حکومەتن، تۆپ و تەیارە و تانگتان هەیە... فەرمون بچن بیهێننەوە... زۆریان لەگەڵا کرد و زیاتریان وت... هەڕەشەیان لێ دەکردین بمانێڕنە ئەو خوارانە...

ئیتر پاش هەڕەشە، لەژێر دارا کوشتیان، من و نەسرینیش... هەرکە دایکت ناوی نەسرین-ی هێنا، دایە پڕمەی گریان، تۆیش شێتانە، دەستی دایکت ڕادەوەشان و لەسەر یەک و بەپەلە دەتوت:

- ئێ... ئێ... نەسرین... ئێ... چی؟

من و نەسرینیان بەرەڵاکرد... هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە نەسرین خۆی سوتاند... ئا کوڕم ئیتر خۆت دەزانی بۆ؟

شێتانە، هەڵسایتە سەرپێ، نەتدەزانی بۆ پەلاماری تفەنگەت دا، کەچی دایکت، سوێندەکەتی وەبیر هێنایەوە.

- کوڕم، شەڕەف لە هەمو شتێ گرنگترە... نالێم پێم خۆش بو نەسرین خۆی سوتاند... بەڵام پێم ناخۆش دەبو بەو شێوەیە ببینم..." (موکری، ٢٠٠٨، ٢٢). لەو سەردەمە و پێشتر و ئێستاش سروشتی کۆمەڵگاکان وایە، کە لەڕوی بۆچون دنیابینییەوە دابەش دەبن، بێگومان لەو سەردەمەشدا تەنانەت هاوڵاتی کوردزمانیش بەو شێوە بون و هەر بەرەیەک کە بەرەی شۆڕشی کوردی و بەرەی دەستەڵاتی ئەو کاتەیە، هەربۆیە ئەمەش لە ناو نوسینەکاندا بە گشتی و نوسینە ئەدەبییەکانیش ڕەنگدەداتەوە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا بە پێچەوانەی ئەو واقیعە زاڵەی ئەو کاتە، سەرەڕای پێشاندانی ئەوپەڕی زوڵم و ستەمەکانی ئەو ڕژیمە، هاوکات پیشاندانی کەڵێن و لاوازی شۆڕش، ئەمەش لە لایەندارێی کوێرانە جیایدەکاتەوە.

"زانیت، بۆت دەرکەوت، ئێستا ئەمڕۆ، میللەتەکەت لە یەک کاتدا بریندارە و لە خۆچوە... هەمو لەشی خوێن دادەچۆڕێ... بە ستەمت زانی پشتی تێ کەیت و بۆ ئەوروپا تێی تەقێنی و لە نێو لنگی ئافرەتاندا خەون بە مفاوەزاتەوە ببینی... لە هەمان کاتیشدا بەکەرایەتیت دەزانی لە یەک کاتدا بۆ تیماری ئەم دو دەردە تێ کۆشیت... خۆتت هەڵبژارد بەشداری کەیت لەوەی (ئەم لەخۆچو وەئاگا بێنیتەوە... با، تیماری خوێنڕێژییەکەی بۆ کەسانی دی و قۆناغێکی دی بمێنێتەوە... ئەم ڕفتارەت بەدڵی چ کەسێکی (مەسئول) نەبو، دەیان داویان بۆ تەنیت و هەزاران ڕاپۆرتیان لەسەر نوسیت... ئەنجام... ئەوەیە وا خۆت دەبینی کە ئێستا لە کۆیدایت" (موکری، ٢٠٠٨، ٧٤). لێرەدا (موکری)، هۆکاری هەمو نەهامەتییەکانی میللەتەکەی بۆ بێ ئاگایی و نەبونی هۆشیاری دەگەڕێنێتەوە، بۆیە بەراوردێک لە نێوان ئاگایی و ئەو زوڵم زۆرەی لەسەر میللەتەکەی هەیە دەکات، بەڵام بە ئاگاهێنانەوەی میللەتەکەی لە پێشتر و بە پێویست دەزانێت، چونکە ئەو زوڵم ستەمەی کە لێدەکرێت هەر ئەم دەردی بێ ئاگایی و نەبونی هۆشیاریە، لەگەڵ ئەوەی هۆکارە سەرەکییەکە دیاری دەکات و دەست دەخاتە سەر برینەکە، لەگەڵئەوەشدا قورسی ئەم کارە بەیان دەکات، کە کارکردن بۆ بەئاگاهێنانەوە باجی قورسی هەیە، بۆیە پێماندەڵێت بەرژەوەندی کەسانی هەلپەرست لەوەدایە کە میللەت بێ ئاگا و نا هۆشیار بێت، ئەوانەی کە هەوڵی بە ئاگاهێنانەوە دەگرنە ئەستۆ چارەنوسیان زیندان و لە ناوبردن دەبێت.

"یەک دو مانگێ پاش ئاشبەتاڵ، زانیت، چەند کەسێکی (مودمن) لەسەر پێشمەرگایەتی بە چیاوەن...! ئیتر کوردی تفەنگ دۆست لێیانەوە ئالان... بونە سەد، دوسەد، هەزار... هەر کوردی دەچوە سەریان... پیشەی پێشو، کوردفرۆشی و کوردایەتی لە برەودابون و هاوسەنگ!" (موکری، ٢٠٠٨، ٦٣). لێرەدا موکری پێچەوانەی هەمو ئەو بۆچونانەی کە پێیانوابو ئەوانەی لە شاخن شۆڕشگێڕ

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئازا و مەردن و لەپێناو بەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیاندا لە شاخن و خەبات دەکەن، دەوەستێتەوە، بۆ ڕاستی ئەم بۆچونەیشی ئاشبەتاڵ بە نمونە دێنێتەوە، کە چۆن بە شەو ڕۆژێک وەک بەفری بەر هەتاو دەتوێنەوە.

"هەیهۆ...هەیهۆ... هەمان داموودەزگا کۆنەکان... هەمان ڕوخسارە بزەئامێزی چاپلوسی و هەمان گەوج و ئەحمەق، بەهەمان ڕفتاری ئاغایەتیی جاری جارانەوە (شۆڕشگێڕن) بەڵام هەریەکە و لەبەرگێکی ڕازاوە بەدەیان دروشمی بریقەداری کاڵفام خەڵەتێن، خۆیان خستوەتە ڕو ئەمجارەشیان دودڵ بویت، نائومێدی بەرچاوتی گرتەوە" (موکری، ٢٠٠٨، ٧٣). دواتر ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و گومان لەسەر ئەویش دروست دەکات، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەمان کاراکتەرە سەرەکییەکانی شۆڕشی پێشوون و ئەمجارە بە هەڵگرتنی دروشمی نوێ، کە ڕێبازی مارکسییە، بەردەوامی بە گاڵتەجاڕییەکەیان دەدەن، کە ئەمەیش شکاندنی ئەو چاوەڕوانییە و تێگەیشتنە باوەبو، کە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشیان بە نەبەزین و کۆڵنەدان پەسن دەکرد.

"گەلێ خەمی ئەو هاوڕێیانەی شارت بو کە چۆن – بەستەزمانانە- لە هچەوە دڵی یەکدی عاجز دەکەن لە یەکدی دەڕەنجێن، لەبەرئەوەی ئەمیان دەڵێ ئەو ڕاستە و ئەویانیش دەڵێ ئەم ڕاستە خۆزیات دەخواست ئەوانیش تۆ ئاسا بێنە چیا و ئەم پاشاگەردانییە ببینن" (موکری، ٢٠٠٨، ٧٣). خوێنەری کورد لەو سەردەمەدا چاوەڕێ گوتارێکی ئومێدبەخش بو، بەڵام (موکری) بە گێڕانەوە و ئاشکراکردنی ڕاستییەکی تاڵ، ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەشکێنێت.

"چێژی ژیان ئەوەندە بە تەمەن نییە- چیژی ڕاستەقینە و تێربون لە مردندایە! جۆری ژیان و هەوڵدان بۆ چاکتر، تەنیا مەبەست هەڵبژاردنی جۆری مردنە... واتە ژیان مەشقە بۆ فێربون و ڕێز لە مەرگ گرتن... کەسایەتیی چ کەسێ تەواو نییە و نابێ لە ژیاندا بێ... بەڵکو جۆری مەرگ، کەسایەتی کەسەکە دەردەخات" (موکری، ٢٠٠٨، ٦٩). لێرەدا (موکری)، لە ڕوی فکری و فەلسەفییەوە بوچونەکانی ئاڕاستە دەکات، لە سەدەی بیست و سەردەمی مۆدێرنێتەدا بە جۆرێکی تر پەسنی ژیان و مردن دەکات، خوێنەر ناچار بە تێڕامان و تێفکرین دەکات، ئەمەش بە تەواوەتی لە ڕەهەندی فکرییەوە شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرە، پێچەوانەی تێگەیشتنی باوی ئەو سەردەمەیە.

"ئێستا وەکو جاران نیت، جاران بەدوای خوادا دەگەڕای و خۆت دەبینی، ئێستە بەداوی خۆتتا دەگەڕێیت و خوا بەدی دەکەیت" (موکری، ٢٠٠٨، ٢٨). ئەم گوزارشتەی ناو ڕۆمانەکە یەکێکە لە قوڵترین و فەلسەفیترین ڕستەکانی ڕۆمانەکە، لێرەدا (موکری)، باس لە وەرچەرخانێکی فکری و مەعریفی دەکات، کە ڕاستەوخۆ دەستکاری نەخشەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات، چونکە خوێنەر بە شێوەیەکی باو و نەریتی وا ڕاهاتوە، کە (خوا) لە دەرەوەی مرۆڤە و دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت تا خۆی بدۆزیتەوە، بەڵام موکری ئەم هاوکێشەیە هەڵدەگێڕێتەوە، واتە ئاسۆی چاوەڕوانی باو لەڕابردودا گەڕان بە دوای خوادا بوە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا دەستپێک گەڕان بەدوای (خود)دا ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە خودا، ئەمە شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانییەکەیە، لێرەدا (موکری) بە خوێنەر دەڵێت گەڕان بەداوی (خۆت) دا کارێکی ئاسان نییە و هێندە قورس و سامناکە، چونکە لەوێدا ڕوبەڕوی هێزێکی گەورەتر (خوا) دەبیتەوە، ئەمەش چاوەڕوانی خوێنەر بۆ کۆتاییەکی دڵخۆشکەر، یان سادە تێکدەشکێنێت.

"ناتەوێ، هەرگیز، خوا ئەزیەتی هیچ کەسێ بدات تەنانەت ئەزیەتی شەیتانیش، چونکە لە نێو هەمو پاک و پیسێکدایە و ناتەوێ خوا خۆی ئەزیەت بدات..." (موکری، ٢٠٠٨، ٢٩). لێرەدا (موکری) بە شێوەیەکی قوڵتر بۆچونە فەلسەفییەکەی خۆی دەگەیەنێت و ڕوندەکاتەوە، کە تێدا جۆرێک لە یەکێتی بون (وەحدەتی وجود) بە شێوازێکی زۆر مۆدێرن و مرۆڤگەرایانە دەخاتەڕو، لە دیدی (موکری)دا خوا تەنها تەماشاکەری ئازارەکان نییە، بەڵکو بەو پێیەی لەناو هەمو شتێکدایە، خۆیشی ئازار دەچێژێت، خوێنەر لە بەرامبەر ئەو هەمو تووندوتیژی و کارەساتەی بەسەر کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەدا هاتوە، چاوەڕێی تۆڵەکردنەوە دەکات، بەڵام کتوپڕ ڕوبەڕوی ئەم فەلسەفە سۆفیگەرییە قوڵە دەبێتەوە، کە تۆڵەکردنەوە و ئازاردان ڕەتدەکاتەوە.

لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگاتە لوتکە، بەتەواوی خوێنەر ڕوبەڕوی دنیابینییەکی نوێ دەبێتەوە و ناچار بە لەسەر وەستان و تێڕامان دەبێت، (موکری) بە شێوەیەک کۆتایی بە ڕۆمانەکە دەهێنێت کە زۆر جیاوازە لەوەی خوێنەر چاوەڕوانی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی کاریگەرییەکی قوڵ لەسەر خوێنەر.

"چوار سەعاتە خەریکیت و هێشتا پیتی (ڕ)یێ وشەکەت بە تەواوی هەڵنەکۆڵیوە، وا دەنگی پێی پۆستاڵ لەپێیان بەرەو گوێت دێ... ئەوە بەپەلە، بە هەمو هێزێکتەوە گورِت داوەتە بەر خۆت... ئەوە ئاگات لە جیرەی کردنەوەی دەرگا ئاسنەکەی ژورەکەت نییە؟ هەر لەگەڵ هەناسەی ئۆخەی ئامێزی کارەکەت دو یاساوڵ باسکیان گرتی... ئەوە خۆ بەڕوی یاساوڵەکاندا پێ دەکەنیت... ئەملاو لایان لێ گرتوی...ئەوە خۆت ڕادەپسکێنی دوا سەرنجی وشەکەت دەدەی" (موکری، ٢٠٠٨، ٧٥). موکری بە دڵنیاییەکی تەواو و تێگەیشتنێکی قوڵەوە سەرنجی لەسەر ئەو وشەیە کە دەینوسێت، ئەویش وشەی (سەگوەڕ)ە، تەنانەت لە دوا کاتەکانی ژیاندا و بردنی بۆ بەردەم پەتی هەڵواسین، هێشتاش لەبەرامبەر تەواوکرنی نوسینی وشە دڵخوازەکەی ئۆخەی دەکات، ئەمەش پێچەوانە و

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شکاندنی ئەو پێشبینی و چاوەڕوانییە باوەی ئەو سەردەمەیە، کە لە کەسێکی وا دەکرێت، کە دروشمی نەبەزین و کۆڵنەدان و نیشتمانپەروری بڵێتەوە، لێرەدا دەتوانین جیاوازی نێوان دو ئاسۆی چاوەڕوانی ببینین، یەکەمیان ئاسۆی چاوەڕوان باو، ئەویتریشیان شکان و پێچەوانەی ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییە باوەیە، ئاسۆی چاوەڕوانی باو دەتوانین لە ڕۆمانی (کاروان و سەگوەڕ)دا کە لە نوسینی (محەمەد مەولود مەم)ە، کە دروشمی سەرەکی ڕۆمانەکە، ئەوەی کە زیندانییەکە دەیەوێت لە دیواری زیندانەکە هەڵبکۆڵێت و بینوسێت هەر بە پیتی (س) دەسپێدەکات و وشەی (سەرکەوتن)ە، وەک دەڵێت:

"سەیرێکی زنجیرەکەی مەچەکت کردەوە، هەوڵت دا بە سوچە تیژەکانی... بە پانایی دیوارەکانی وشە پیرۆزەکە هەڵکەنی، گوڕت دایە خۆت، یەکێک لە ئەڵقەکانت هەڵبژارد... بە پەنجەکانی هەردو دەستت بەرزت کردەوە، وشەی (سەرکەوتن)ت نوسی، ... بە هەمو هێزت... بانگی سەرکەوتنت ڕاهێشت، دەنگت لەناو هەمو بەندیخانە گەورەکەدا دەنگی دەدایەوە، زیندانییەکانی ناو ژورەکانی بەندیخانە بانگەکەیان دوبارە دەکردەوە:

-سەرکەوتن... سەرکەوتن.

دنیای بەندیخانەکەی دەهەژاندەوە، وەک تیشکی لیزەر دەرودیواری بڵند و تێلدڕی بەندیخانەی دەبڕین... دەیسمین، ئاودیوی دەرەوە دەبون...

-سەرکەوتن... سەرکەوتن... سەرکەوتن" (مەم، ٢٠٠٣، ٥٠).

لێرەدا (محەمەد مەولود مەم) لە ڕۆمانی (کاروان و سەگوەڕ)دا ،کە وەک کاردانەوەیەک لەبەرانبەر ڕۆمانی (سەگوەڕ)دا نوسرا، وشە و دروشمی (سەرکەوتن)ش، لە بەرانبەر وشە و دروشمی (سەگوەڕ)دا بەکاردەهێنێت، ئەو وشەیەی کە زۆربەی خوێنەری ئەو کاتەی کورد چاوەڕێی دەکرد، وشەی (سەرکەوتن)، ئەو وشەیەیە کە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا هاوتەریب بون، ئەوەش بە هۆکاری ئەو زوڵم و ستەمەی کە (کورد)ی وەک نەتەوە پێداتێدەپەڕی، بەڵام (موکری) لەگەڵ پیشاندان و دەرخستنی کارەسات و ئازار و ژانەکانی کورد وەک تاک و نەتەوەش، لەڕێگەی خۆدواندنەوە و شۆڕبونەوە بە خود دا، لەڕێگەی وشەی (سەگوەڕ)ەوە لەلایەک دەستنیشانکردنی کێشەکان و لە لایەکیش بێهیوای دەردەبڕێت، بەمەش پێچەوانەی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەبێتەوە.

ئەنجامەکان:

١. گۆڕینی ڕۆڵی خوێنەر لە ناچالاکەوە (پاسیڤ)، بۆ چالاک (ئەکتیڤ)، ڕۆمانی (سەگوەڕ) "ئاسۆی چاوەڕوانی"ی باوی خوێنەری کوردی شکاندوە، لە ڕێگەی ئاڵۆزکردنی دەقەکەوە، (محەمەد موکری) خوێنەری لە وەرگرێکی بێدەنگ و چاوەڕوانی ئامادەکراو، گۆڕیوە بۆ بەشداربویەکی چالاک کە ناچارە خۆی مەتەڵی دەقەکە هەڵبوەشێنێتەوە و مانا بەرهەم بهێنێت.

٢. لە ڕۆمانی (سەگوەڕ)دا دەرکەوت، کە پچڕانی هێڵی کاتی ڕوداوەکان و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی تەوژمی هۆش و فلاشباک، تەنیا یارییەکی فۆرمی نەبوە، بەڵکو گوزارشتێکی وردی هونەری بوە بۆ نیشاندانی پارچەپارچەبون و شێواویی دەرونیی کارەکتەرەکان، لە ژێر زەبروزەنگی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

٣. لە ڕوداوەکانی ڕۆمانەکەدا خوێنەر چاوەڕێی کۆتاییەکی دیاریکراو دەکات، بەڵام موکری لە کۆتایدا ئەم چاوەڕوانییە دەشکێنێت و کۆتاییەکی نائاسایی چاوەڕواننەکراو پێشکەش دەکات، (ڕۆمانی سەگوەڕ) نوێنەرایەتیی قۆناغێکی پچڕانی مێژویی دەکات لە ئەدەبی کوردیدا، ئەم دەقە سەلماندی کە ڕۆمانی کوردی توانای هەیە سنورە لۆکاڵییەکان ببەزێنێت و لەڕێگەی تێکشکاندنی فۆرمە تەقلیدییەکانەوە، لەگەڵ قەیرانە گەردونییەکانی مرۆڤدا کارلێک بکات.

٤. لە ڕەهەندی فیکری و سیاسیدا ڕۆمانی (سەگوەڕ)، سەرکەوتو بوە لە ڕوخاندنی وێنەی "پاڵەوانی بێگەردی نەتەوەیی" خستنەڕوی کارەکتەرە شۆڕشگێڕەکان بە کۆمەڵێک لاوازیی (ترس، گومان، ڕاکردن)، وەرچەرخانێکە بەرەو ڕیالیزمێکی ڕەخنەگرانە، ڕاستگۆیانەتر مامەڵە لەگەڵ قەیرانە بونگەراییەکانی تاکی کوردا کردوە.

٥. لە ئاستی زمان و هێماداء ڕۆمانی سەگوەڕ بەئاگایانە فەرهەنگۆکی ئەدەبیاتی بەرگری وەک: (شاخ، چەک، شۆڕشگێڕ...)ی هەڵگێڕاوەتەوە، ئەم هێمایانە پیرۆزی و شکۆی باوی خۆیان لەدەست داوە و بونەتە ئامرازێک بۆ گوزارشتکرن لە نامۆبون، ترس، بێهودەیی، کە ئەمەش گەورەترین شۆکی ئیستێتیکی لای خوێنەر دروستکردوە.

سەرچاوەکان:

ئەسوەد، ن. (٢٠١٥). *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان*. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی غەزەلنوس.

بەرزنجی، ع. (٢٠١٤). *چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی*. چاپی یەکەم. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

بەرزنجی، ع. و بەرزنجی, ع. (٢٠٢٤). *کلیلدان (فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە)*. چاپی یەکەم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

حسین، ع .و محمود، ش. (٢٠١٢). "زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و خوێندنەوەی دەقی شیعریی،" *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژ (٣٣) بەشی (ب)*.

عزیز، س . و ڕۆوف، ف. (٢٠٢٣). "ئاسۆی پێشبینی ناونیشان لە کتێبی (ملوانکە)ی شێرکۆ بێکەسدا،" *گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان، بەرگی ٧، ژمارە ٢* .

DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130

قادر، ع. (٢٠٢٤). *تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی*. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی سارا.
لحمدانی، ح. (٢٠١٤). *الفکر النقدی الادبی المعاصر*. بیروت: مطبعه انفویرانت.
محمد، ع. (٢٠٠٣). "تێرامانێک لەسەر ڕۆمانی سەگوەڕ،" گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژ .(١٢) بەشی (ب).
محمد، م. (٢٠٠٩). *بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا*. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.
مەم، م. (٢٠٠٣). *ڕۆمانی کاروان و سەگوەڕ*. چاپی یەکەم. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.
موکری، م. (٢٠٠٨). *ڕۆمانی سەگوەڕ*. چاپی شەشەم. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.
نازم، س. و حوسێن، ه. (٢٠١٨). *بنەما و میتودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی*. چاپی یەکەم. هەولێر: ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.